# بەدواداچوونی خێزان (گەورەساڵان)

# فۆرم

دەستنووسەکە لەساڵی 2025دا تەواو کراوە
نە دەزگای یەکێتیی ئەوروپا بۆ پەنابەری (EUAA) و نە هیچ کەسێک کە بە نوێنەرایەتی EUAA کار دەکات، بەرپرسیار نین لەو بەکارهێنانەی لەو زانیارییانەی ناو ئەم بڵاوکراوەیە دەکرێت.
لۆکسمبۆرگ: نووسینگەی بڵاوکراوەکانی یەکێتی ئەوروپا، 2025

PDF ISBN 978-92-9410-790-9 doi:10.2847/9517251 BZ-01-25-034-EN-N

© دەزگای یەکێتی ئەوروپا بۆ پەنابەری (EUAA)، 2025
دووبارە بەرهەمهێنانەوە ڕێگەپێدراوە بە مەرجێک ئاماژە بە سەرچاوەکە بکرێت.

| | |
|---|---|
| **ناوی وڵاتی EU+** | |
| **ناونیشانی دەسەڵاتی نیشتمانی** | |
| **زانیاری تایبەت بە وڵاتانی EU+ سەبارەت بە چۆنیەتی پێشکەشکردن و لە کوێ پێشکەشکردنی ئەم فۆرمە** | ئەمە جێگرەوەیەکە بۆ وڵاتانی EU+ بۆ گرتنەخۆی شێوازە پەیوەندیدارەکان سەبارەت بە پێشکەشکردنی ئەم فۆرمە.<br>ئەم فۆرمە چۆن دەبێت پێشکەش بکرێت؟ بۆ کام ناونیشان؟ تا کەی؟ |

# فۆڕمی بەدواداچوونی خێزان (گەورەساڵان)

## بۆچی ئەم فۆرمەم پێدراوە؟

دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتە ئەم فۆڕمەیان پێداویت ([1]) چونکە داوای پاراستنی نێودەوڵەتیت کردووە و وتووتە کە ئەندامێکی خێزانەکەت لە وڵاتێکی ئەندامی یەکێتیی ئەوروپا یان وڵاتێکی هاوبەشدایە (کە بە وڵاتانی EU+ ناودەبرێن).

| |
|---|
| وڵاتانی ئەندامی یەکێتی ئەوروپا بریتین لە بەلجیکا، بولگاریا، چیکیا، دانیمارک، ئەڵمانیا، ئیستۆنیا، ئێرلەندا، یۆنان، ئیسپانیا، فەرەنسا، کرواتیا، ئیتاڵیا، قوبرس، لاتڤیا، لیتوانیا، لۆکسمبۆرگ، هەنگاریا، ماڵتا، هۆڵەندا، نەمسا، پۆڵەندا، پورتوگال، ڕۆمانیا، سلۆڤینیا، سلۆڤاکیا، فینلاند و سوید. چوار وڵاتی پەیوەندیدار بریتین لە ئایسلەندا، لیختنشتاین، نەرویج و سویسرا. |

ئەو زانیارییانەی لەم فۆرمەدا پێشکەشی دەکەیت، یارمەتی دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتە دەدەن بۆ دۆزینەوەی ئەندامانی خێزانەکەت، لەپێشینەدانانی کەیسەکەت و دۆزینەوەی ئەو وڵاتەی EU+ کە دەبێت داواکارییەکەت بپشکنێت. بەو پێیەی ئەندامانی خێزانەکەت لە وڵاتێکی تری EU+ هەیە، ئەو وڵاتەی کە ئەندامی خێزانەکەتی تێیدایە لەوانەیە بەرپرسیار بێت لە پشکنینی داواکارییەکەت.

**گرنگ.** ئەگەر بۆ پڕکردنەوەی ئەم فۆڕمە پێویستت بە هەر پاڵپشتییەک بوو، دەسەڵاتداران ئاگادار بکەوە.

## بۆچی داوام لێ کراوە ئەم فۆڕمە پڕ بکەمەوە؟

دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتە پێویستە بزانن ئایا لە هیچ کام لە وڵاتانی EU+ ئەندامی خێزانت هەیە یان نا. ئەگەر هەتە، لەوانەیە ئەو وڵاتەی ئەوان تێیدا نیشتەجێن بەرپرسیار بێت لە ڕاییکردنی داواکارییەکەت.

هەروەها دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتە دەیانەوێت یارمەتیت بدەن بۆ یەکگرتنەوە لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەت لە وڵاتانی EU+ ئەگەر بتەوێت لەگەڵیان بیت. ئەگەر دەتەوێت لەگەڵ ئەندامی خێزانەکەت یەکبگریتەوە، ئاگادارمان بکەرەوە و ئێمە لێکۆڵینەوە دەکەین کە ئایا ئەمە دەکرێت و هەوڵ دەدەین ئەنجامی بدەین. ئەگەر ناتەوێت یەکبگریتەوە، بە زووترین کات پێمان بڵێ.

([1]) PDF: BZ-01-25-007-EN-N و چاپی: BZ-01-25-007-EN-C.

## لەگەڵ کێ دەتوانم یەکبگرمەوە؟

دەتوانیت لەگەڵ ئەندامێکی خێزانەکەت یەکبگریتەوە کە پێشتر لە وڵاتێکی EU+ نیشتەجێیە. ئەمانە بریتین لە:

- ژنەکەت یان مێردەکەت – ئەم کەسە پێی دەوترێت هاوسەر؛
- هاوبەشە خێزانیەکەت کە بە بێ هاوسەرگیری لە پەیوەندییەکی جێگیردان ([2])؛
- منداڵەکەت کە تەمەنی لە خوار 18 ساڵەوەیە ([3]).

هەروەها دەتوانیت لەگەڵ کەسێکدا یەکبگریتەوە کە پێویستی بە چاودێری تۆیە یان کەسێک کە تۆ پشتی پێ دەبەستیت بۆ چاودێری بەهۆی:

- دووگیانی؛
- هەبوونی منداڵێکی تازە لەدایکبوو؛
- نەخۆشی دەروونی سەخت؛
- نەخۆشی جەستەیی سەخت؛
- کەمئەندامی توند؛
- ترۆمای دەروونی توند؛
- پیری.

ئەم کەسە دەتوانێت بریتی بێت لە:

- منداڵەکەت (تەمەن خوار هەژدە یان گەورەساڵ)؛
- برات یان خوشکت؛
- دایبابت.

**ئەگەر ئەندامێکی خێزانت لە وڵاتێکی EU+ هەبێت، ئەم مافانەی خوارەوەت هەیە.**

- دەتوانیت داوای زانیاری لەو کەس و لایەنانە بکەیت کە دەتوانن یارمەتیت بدەن لە پڕکردنەوەی ئەم فۆڕمەدا.
- دەتوانیت داوای زانیاری بکەیت لەبارەی ڕێکخراوە نیشتمانی، نێودەوڵەتی و پەیوەندیدارەکانی تر کە دەتوانن ئاسانکاری بکەن بۆ ناسینەوە و بەدواداچوونی ئەندامانی خێزانەکەت.
- چاوپێکەوتنێک ڕێکدەخرێت بۆ دیاریکردنی ئەو وڵاتەی EU+ کە بەرپرسیارە لە پشکنینی داواکارییەکەت بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی، مەگەر هۆکارێک هەبێت بۆ لادانی چاوپێکەوتنەکە.
- دەتوانیت هەر زانیارییەک کە یارمەتیدەر بێت بۆ سەلماندنی بوونی ئەندامانی خێزانەکەت، بە شێوەی زارەکی یان لە ڕێگەی بەڵگەنامەکانەوە پێشکەش بکەیت.
- دەتوانیت داوای زانیاریی زیاتر بکەیت لەسەر کەیسەکەت.

([2]) ئەگەر یاسا یان پراکتیکی وڵاتی EU+ بە شێوەیەک مامەڵە لەگەڵ هاوبەشە بێ هاوسەرگیرییەکان بکات کە بەراورد بکرێت بە هاوسەرەکان بەپێی یاساکانی پەیوەست بە هاووڵاتیانی وڵاتی سێیەم.

([3]) ئەمە ئاماژەیە بۆ منداڵی بایۆلۆژی یان منداڵی هەڵگیراو (بەخێوکراو).

## پێویستە چی لەم فۆڕمەدا بنووسم؟

**بۆ یارمەتیدانی دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتە تاوەکو لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەت یەکتان بگرێننەوە، پێویستە تا پێت دەکرێت زانیارییان لەسەر هاوبەش بکەیت.** ئەمەش زانیاریی سەرەتایی لەبارەی ئەندامی خێزانەکەت یان ئەو کەسەی لە وڵاتێکی EU+ پەیوەندیی پشتبەستنت پێیەوە هەیە دەگرێتەوە، وەک:

- وردەکارییە کەسییەکانیان؛
- لە ئێستادا لە کوێ دەژین؛
- وردەکارییەکانی پەیوەندیکردنیان؛
- زانیاری لەبارەی پێگەی یاساییان لەو وڵاتەدا (ئەگەر پێگەی پەناخوازییان هەبێت، مۆڵەتی نیشتەجێبوونیان هەبێت یان هاووڵاتی ئەو وڵاتە بن بە پشتبەستن بە پێگەی پێشووی پاراستنی نێودەوڵەتی)؛
- هەر بەڵگەنامەیەک یان بەڵگەیەک کە پەیوەندییەکە بسەلمێنێت.

### بۆچی ئەم زانیاریانە گرنگن؟

هەرچەندە زانیاریی زیاتر بدەیت، بۆ دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتە ئاسانتر دەبێت کە پەیوەندی بە دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتەوە بکەن کە ئەندامی خێزانەکەتی لێیە، تاوەکو پەیوەندییەکەتان پشتڕاست بکەنەوە و بە زووترین کات یەکتان بگرێننەوە.

لەوانەیە بۆ چاوپێکەوتنێک بانگهێشت بکرێیت یان پرسیاری بەدواداچوونت لێ بکرێت بۆ ئەوەی زیاتر لەبارەی پەیوەندییەکە و شوێنی کەسەکە بزانیت.

نیگەران مەبە ئەگەر هەموو زانیاریەکانت لەبەردەستدا نەبوو. تا دەتوانیت زانیاری پڕبکەرەوە و دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتەش هەموو هەوڵێکی خۆیان بۆ دەستپێکردنی پرۆسەکە دەدەن. ئەگەر هەر بەڵگەنامەیەکت هەیە، بە زووترین کات پێشکەشی دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتەی بکە.

## چۆنیەتی پڕکردنەوەی ئەم فۆڕمە

**هەنگاوی 1.** بەشی 1ی فۆڕمەکە پڕبکەوە. ئەم بەشە زانیارییە کەسییەکانی تۆ کۆ دەکاتەوە.

**هەنگاوی 2.** بۆ هەر ئەندامێکی خێزانەکەت، ئەو بەشەی فۆڕمەکە پڕبکەوە کە پەیوەندی پێیانەوە هەیە.

- هاوسەر یان هاوبەشی خێزانی بێ هاوسەرگیری (بەشی 2).
- منداڵی خوار هەژدەساڵ (بەشی 3).
  ئەگەر لە وڵاتانی EU+ چەند منداڵێکت هەیە، ئەم بەشەی فۆڕمەکە بۆ هەر منداڵێک پڕبکەوە.
- کەسی ناسەربەخۆ (کەسی پشتبەستوو) (بەشی 4).
  ئەم بەشە پڕ بکەوە ئەگەر:
  - منداڵەکەت (گەورەساڵ)، خوشک و برات یان دایک و باوکت پشت بە چاودێری تۆ دەبەستن چونکە لە دۆخێکی ناسکدان؛
  - لە دۆخێکی ناسکدایت و پشت بە چاودێری منداڵەکەت (گەورەساڵ)، خوشک و برات یان دایک و باوکت دەبەستیت.

**هەنگاوی 3.** داری خێزانەکەت بکێشە (بەشی 5) بۆ ئەوەی ئاماژە بە هەموو ئەندامانی خێزانەکەت بکەیت. ئەمە دەتوانێت بۆ هەوڵەکانی داهاتووی بەدواداچوونی خێزان یان تێگەیشتن بەسوود بێت ئەگەر کەسانی دیکە هەبن کە بتوانرێت یەکگرتنەوەیان لەگەڵدا دەستپێبکرێت.

## کێ دەتوانێت لە پڕکردنەوەی فۆڕمەکەدا یارمەتیم بدات؟

ئەگەر بۆ پڕکردنەوەی ئەم فۆڕمە پێویستت بە هەر پاڵپشتییەک هەبوو، لەوانەش هاوکاریی یاسایی، دەتوانیت داوای بکەیت. ئەگەر لەشتێک تێنەگەشتی، دەتوانی داوای هاوکاری لە دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتە بکەیت. دەتوانن زانیاری زیاتر دەربارەی کۆمەڵەی ڕاوێژکارانی یاسایی لە نامیلکەی دابینکردنی زانیاری سەبارەت بە ڕێکاری دیاریکردنی بەرپرسیارێتیدا بدۆزنەوە. هەروەها دەتوانن داوای هاوکاری زمانەوانی (وەرگێڕان) بکەن بۆ پڕکردنەوەی فۆڕمەکە.

| |
|---|
| زانیاری تایبەت بە وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا لەسەر ئەو کەس و لایەنانەی کە یارمەتی دەدەن لە تەواوکردنی قاڵبەکە و ڕاوێژکاری یاسایی. |

## چۆن دەتوانم لەگەڵ ئەندامی خێزانەکەم یەکبگرمەوە؟

- سەرەتا، دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتە پێداچوونەوە بەو زانیاریانەدا دەکەن کە تۆ پێشکەشیان دەکەیت. لەوانەیە بانگهێشتت بکەن بۆ چاوپێکەوتنێکی تر.
- ئەگەر بتوانرێت دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتە داواکارییەک دەنێرن بۆ ئەو وڵاتەی EU+ کە ئەندامی خێزانەکەت تێیدا نیشتەجێیە.

**گرنگ.** هەم تۆ و هەم ئەندامی خێزانەکەت دەبێت لەسەر یەکگرتنەوەکە ڕازی بن. ئەگەر هەریەکێکتان بڵێت نەخێر، ئەوا دەسەڵات لەم وڵاتەدا لە پرۆسەکە بەردەوام نابێت. ئەگەر تۆ ڕازی بوویت، داوات لێدەکرێت ڕەزامەندی نووسراوی فەرمی خۆت بۆ یەکگرتنەوە پێشکەش بکەیت. دەبێت ڕەزامەندی خۆت بە فۆرمێکی جیاواز پێشکەش بکەیت.

- ئەو وڵاتەی کە ئەندامی خێزانەکەت تێیدا نیشتەجێیە پێداچوونەوە بە داواکارییەکەدا دەکات و بەڵگەنامەکان دەپشکنێت.
- ئەگەر قبوڵیان کرد، دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتە دەتگوازنەوە بۆ ئەو وڵاتە بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەندامی خێزانەکەت یەکبگرنەوە.

دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتە بەپێچەوانەی ویستی خۆت لەگەڵ کەسێکدا یەکگرتنەوەتان بۆ ناکات. ڕەزامەندی بەو مانایەیە کە هەردووکتان ڕازین کە داواکارییەکەت بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی لەو وڵاتەدا پشکنینی بۆ بکرێت کە ئەندامی خێزانەکەت یان کەسی ناسەربەخۆی تۆی تێدا نیشتەجێیە. ئەگەر تۆ یان ئەندامی خێزانەکەت ڕەزامەندیتان نەدا، ئەوا دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتە دەست بە ڕێکاری یەکگرتنەوە ناکەن. دەتوانیت لە هەر کاتێکدا پێش ئەوەی بڕیاری گواستنەوە بدرێت ڕەزامەندی خۆت بکێشیتەوە.

لە هەردوو وڵاتدا حاڵەتەکانی یەکگرتنەوەی خێزانەکان بە ئەولوییەتەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت. ئەمەش واتە ئەگەر بتوانرێت لە کەیسەکەتدا یەکگرتنەوەی خێزان دەستپێبکرێت، ئەوا دەسەڵاتداران بە زووترین کات جێبەجێی دەکەن.

### ئەوەی کە پێویستە بیزانیت

- دەتوانیت لە هەر کاتێکدا پێش ئەوەی بڕیاری گواستنەوەکە بدرێت، بیرۆکەکەت بگۆڕیت و ڕەزامەندیەکەت بکێشیتەوە.
- پێویست ناکات پارە بدەیت بە کەس بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەت یەکتر ببینیتەوە – دەسەڵاتداران تێچوونەکان دەگرنە خۆیان.
- کەیسەکانی یەکگرتنەوەی خێزان وەک ئەولوییەت مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، بۆیە دەسەڵاتداران بە خێرایی کەیسەکەت جێبەجێ دەکەن.

### یەکگرتنەوە واتای چییە

- داواکارییەکەت بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی لەو وڵاتەدا پشکنین بۆ دەکرێت کە ئەندامی خێزانەکەت بە شێوەیەکی یاسایی تێیدا نیشتەجێیە ([4]).

یەکگرتنەوە بەو مانایە نییە کە تۆ مۆڵەتی نیشتەجێبوون لەو وڵاتە وەربگریت.

## نازانم ئەندامی خێزانەکەم لە کوێیە. دەتوانیت یارمەتیم بدەیت؟

ئەگەر دەزانیت ئەندامی خێزانەکەت لە وڵاتێکی EU+ دایە بەڵام دڵنیا نیت لە کوێیە، دەتوانیت داوای پاڵپشتی لە ڕێکخراوەکانی بەدواداچوونی خێزان بکەیت تا یارمەتیت بدەن لە دۆزینەوەیان. ئەگەر پێویستت بە پاڵپشتییەکی لەو شێوەیە هەیە بە دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتە بڵێ.

| |
|---|
| زانیاری تایبەت بە وڵاتانی EU+ لەسەر ڕێکخراوەکانی بەدواداچوونی خێزان. |

## ئەو زانیاریانەی کە پێشکەشیان دەکەم چۆن مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت؟

ئەو زانیاریانەی کە تۆ پێشکەشی دەکەیت بە نهێنی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت. هەرگیز لەگەڵ وڵاتێکدا هاوبەش ناکرێت کە وەک وڵاتی EU+ نەهاتووە (بڕوانە لاپەڕەی 1ی ئەم فۆڕمە) یان وڵاتی سەرچاوە یان شوێنی نیشتەجێبوونی پێشووی تۆ یان هی ئەندامی خێزانەکەت. زانیارییەکان بە شێوەیەکی پارێزراو پێشکەش دەکرێن بۆ ئەو وڵاتەی EU+ کە ئەندامی خێزانەکەت تێیدا ئامادەیە بۆ ئەوەی دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە بتوانن دیاری بکەن کە ئایا پەیوەندییەکەت شایستەی یەکگرتنەوەی خێزانە یان نا. ئەگەر پێویست بوو، دەکرێت لەلایەن دەسەڵاتداران یان ڕێکخراوەکانەوە پەیوەندی بە ئەندامی خێزانەکەتەوە بکرێت بۆ پرسیاری بەدواداچوون.

([4]) نیشتەجێبوونی یاسایی بەو مانایەیە کە مەرجەکانی چوونە ژوورەوە، مانەوە یان نیشتەجێبوون لە وڵاتێکدا جێبەجێ دەکەن.

## بەشی 1. زانیاری کەسی داواکار

| | |
|---|---|
| **ژمارەی کەیس:** | |
| ناوی یەکەم | |
| نازناو | |
| تەمەن | |
| ڕەگەز | |
| ڕێکەوتی لەدایکبوون (ڕۆژ/مانگ/ساڵ) | |
| شوێنی لەدایک بوون | |
| ڕێکەوتی دەرچوون لە وڵاتی ڕەسەن | |
| ڕەگەزنامە\ڕەگەزنامەکان | |
| ناونیشان/شوێنی نیشتەجێبوون | |
| زانیاری پەیوەندی (ناونیشانی ئیمەیڵ، ئەکاونتی سۆشیال میدیا، ژمارەی تەلەفۆن) | |
| ☐ **من پشتڕاستی دەکەمەوە کە ئەندامێکی خێزانەکەم هەیە کە لە وڵاتێکی EU+ نیشتەجێیە.** | |
| ئەندامی خێزانەکەم (دەتوانرێت چەندین بژاردە هەڵبژێردرێت) | ☐ هاوسەرەکەم یان هاوبەشی خێزانی بێ هاوسەرگیری (بەشی 2)<br>☐ منداڵی خوار هەژدە ساڵ (بەشی 3)<br>☐ کەسێک کە پشت بە هاوکاری من دەبەستێت یان من پشت بە هاوکاری ئەم کەسە دەبەستم (بەشی 4) |
| زانیارییە پەیوەندیدارەکانی تر | |
| **ڕێکەوت و واژۆی داواکار** | |

## بەشی 2. زانیاری کەسی هاوسەر یان هاوبەشی خێزانی بێ هاوسەرگیری

| | |
|---|---|
| ناوی یەکەم | |
| نازناو | |
| ناوەکانی تری بەکارهێنراو | |
| تەمەن | |
| ڕەگەز | |
| ڕێکەوتی لەدایکبوون (ڕۆژ/مانگ/ساڵ) | |
| شوێنی لەدایک بوون | |
| شوێنی هاوسەرگیری یان ئەو شوێنەی کە پەیوەندییە خۆشەویستییەکە دروست بووە | |
| ڕێکەوتی هاوسەرگیری یان دەستپێکردنی پەیوەندی خۆشەویستی | |
| جۆری هاوسەرگیری یان هاوبەشی (دەتوانرێت چەندین بژاردە هەڵبژێردرێت) | ☐ ڕێوڕەسمی ئایینی<br>☐ تۆماری شارستانی<br>☐ هاوبەشی شارستانی تۆمارکراو<br>☐ هی تر (تکایە دیاریی بکە): |
| شوێنی هەنووکەیی یان دوایین شوێنی زانراو لە یەکێتی ئەوروپا (وڵات، شار) | |
| دۆخی نیشتەجێبوونی کەسەکە لە وڵاتی EU+ | ☐ داواکار بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی<br>☐ سوودمەند لە پاراستنی نێودەوڵەتی<br>☐ نیشتەجێبوونی درێژخایەن<br>☐ دانیشتوو<br>☐ هاوڵاتی<br>☐ نادیارە |
| ڕێکەوتی دەرچوون لە وڵاتی ڕەسەن | |
| ڕەگەزنامە\ڕەگەزنامەکان | |
| ژمارەی کەسی / ژمارەی کەیس (ئەگەر ژمارەی ناسنامە لە وڵاتی EU+ بەردەست بێت) | |
| ناونیشان/شوێنی نیشتەجێبوون | |
| زانیاری پەیوەندی (ناونیشانی ئیمەیڵ، ئەکاونتی سۆشیال میدیا، ژمارەی تەلەفۆن) | |

| **ئامادەیی بۆ یەکگرتنەوە** |
|---|
| دەتەوێت لەگەڵ ئەم کەسە یەکبگریتەوە؟<br>☐ بەڵێ، حەز دەکەم یەکبگرمەوە.<br>**لەم حاڵەتەدا، تۆ و ئەندامی خێزانەکەت پێویستە ڕەزامەندی فەرمی خۆتان بە نووسراو بدەن. ڕەزامەندی فەرمی بە فۆرمێکی جیاواز داوا دەکرێت.**<br>☐ نەخێر، نامەوێت یەکبگرمەوە.<br>ئەگەر ناتەوێت یەکبگرنەوە، دەتوانی هۆکارەکەی ڕوون بکەیتەوە. ئەم زانیاریانە بە نهێنی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت. |
| **زانیاری پەیوەندیدار لەسەر لاوازییە ئەگەرییەکان یان هۆکارە مرۆییەکان** |
| لێرەدا دەتوانیت ئاماژە بە هەر زانیارییەکی پەیوەندیدار بکەیت کە گرنگە بۆ ئەوەی دەسەڵات ئاگاداری بێت سەبارەت بە ئەندامی خێزانەکەت (هەر لاوازییەک، پێویستییەکی تایبەت یان هۆکارێکی مرۆیی). |
| **دوایین جار کەی و لە کوێ ئەم کەسەت بینی؟** |
| |
| **ئایا کەسێکی تر هەیە کە ڕەنگە شوێنی ئەندامی خێزانەکەت بزانێت؟ ئەگەر وایە، تکایە زانیاری پەیوەندیکردنیان بدە. ئایا پەیوەندیت بەم کەسەوە کردووە؟** |
| |
| **ئایا بۆ دۆزینەوەی ئەم کەسە، پەیوەندیت بە هیچ ڕێکخراوێکەوە کردووە؟ ئەگەر بەڵێ، تکایە وردەکاری زیاتر بخەرە ڕوو (ناوی ڕێکخراوەکە، دۆخی بەدواداچوون / دەرئەنجام).** |
| |
| **باسی ئەو بەڵگەنامانە/بەڵگانە بکە کە لەبەردەستتدان کە پەیوەندییەکانتان دەسەلمێنن.**<br>بۆ نموونە: بڕوانامەی هاوسەرگیری، بڕوانامەی لەدایکبوون، کۆپیی بەڵگەنامەکانی ناسنامە، وێنەی ئەندامی خێزان، یان هی تر. داوات لێ دەکرێت ئەم بەڵگەنامانە یان ئەم بەڵگانە پێشکەش بکەیت. |
| |
| **زانیارییە پەیوەندیدارەکانی تر** |
| |

| بەشی 3. زانیاری کەسی سەبارەت بە منداڵی تەمەن خوار هەژدەساڵ | |
|---|---|
| ئەگەر تۆ چەندین منداڵت لە وڵاتانی EU+ هەیە، کلیک لەسەر دوگمەی 'نوسخەیەک لەم بەشە زیاد بکە' بکە بۆ دروستکردنی بەشێکی نوێ بۆ هەر تاکێک. | |
| ناوی یەکەم | |
| نازناو | |
| ناوەکانی تری بەکارهێنراو | |
| تەمەن | |
| ڕەگەز | |
| ڕێکەوتی لەدایکبوون (ڕۆژ/مانگ/ساڵ) | |
| شوێنی لەدایک بوون | |
| شوێنی هەنووکەیی یان دوایین شوێنی زانراو لە یەکێتی ئەوروپا (وڵات، شار) | |
| دۆخی نیشتەجێبوونی کەسەکە لە وڵاتی EU+ | ☐ داواکار بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی<br>☐ سوودمەند لە پاراستنی نێودەوڵەتی<br>☐ نیشتەجێبوونی درێژخایەن<br>☐ دانیشتوو<br>☐ هاوڵاتی<br>☐ نادیارە |
| ڕێکەوتی دەرچوون لە وڵاتی ڕەسەن | |
| ڕەگەزنامە\ڕەگەزنامەکان | |
| ژمارەی کەسی / ژمارەی کەیس (ئەگەر ژمارەی ناسنامە لە وڵاتی EU+ بەردەست بێت) | |
| ناونیشان/شوێنی نیشتەجێبوون | |
| زانیاری پەیوەندی (ناونیشانی ئیمەیڵ، ئەکاونتی سۆشیال میدیا، ژمارەی تەلەفۆن) | |
| **وردەکارییەکانی پەیوەندیکردنی سەرپەرشتیار، ئەگەر بەردەست بێت** | |
| ناوی یەکەم | |
| نازناو | |
| ژمارەی تەلەفۆن | |
| ناونیشانی ئیمەیڵ | |
| **ئامادەیی بۆ یەکگرتنەوە** | |
| دەتەوێت لەگەڵ ئەم کەسە یەکبگریتەوە؟<br>☐ بەڵێ، حەز دەکەم یەکبگرمەوە.<br>**لەم حاڵەتەدا، تۆ و ئەندامی خێزانەکەت پێویستە ڕەزامەندی فەرمی خۆتان بە نووسراو بدەن. ڕەزامەندی فەرمی بە فۆرمێکی جیاواز داوا دەکرێت.**<br>☐ نەخێر، نامەوێت یەکبگرمەوە.<br>ئەگەر ناتەوێت یەکبگرنەوە، دەتوانی هۆکارەکەی ڕوون بکەیتەوە. ئەم زانیاریانە بە نهێنی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت. | |

| **زانیاری پەیوەندیدار لەسەر لاوازییە ئەگەرییەکان یان هۆکارە مرۆییەکان** |
| --- |
| لێرەدا دەتوانیت ئاماژە بە هەر زانیارییەکی پەیوەندیدار بکەیت کە گرنگە دەسەڵات ئاگاداری بێت سەبارەت بە ئەندامی خێزانەکەت (هەر لاوازییەک، پێویستییەکی تایبەت یان هۆکارێکی مرۆیی). |
| **دوایین جار کەی و لە کوێ ئەم کەسەت بینی؟** |
| |
| **ئایا کەسێکی تر هەیە کە ڕەنگە شوێنی ئەندامی خێزانەکەت بزانێت؟ ئەگەر وایە، تکایە زانیاری پەیوەندیکردنیان بدە. ئایا پەیوەندیت بەم کەسەوە کردووە؟** |
| |
| **ئایا بۆ دۆزینەوەی ئەم کەسە، پەیوەندیت بە هیچ ڕێکخراوێکەوە کردووە؟ ئەگەر بەڵێ، تکایە وردەکاری زیاتر بخەرە ڕوو (ناوی ڕێکخراوەکە، دۆخی بەدواداچوون / دەرئەنجام).** |
| |
| **باسی ئەو بەڵگەنامانە/بەڵگانە بکە کە لەبەردەستتدان کە پەیوەندییەکەتان دەسەلمێنن.**<br>بۆ نموونە: بڕوانامەی هاوسەرگیری، بڕوانامەی لەدایکبوون، کۆپیی بەڵگەنامەکانی ناسنامە، وێنەی ئەندامی خێزان، یان هی تر. داوات لێ دەکرێت ئەم بەڵگەنامانە یان ئەم بەڵگانە پێشکەش بکەیت. |
| |
| **زانیارییە پەیوەندیدارەکانی تر** |
| |

دووبارەکردنەوەی بەشەکە

## بەشی 4. زانیاری کەسی پەیوەست بە کەسێکی ناسەربەخۆ

ئەگەر زیاتر لە منداڵێک، خوشک و برات یان دایک و باوکێکت هەیە کە پشتبەستوون بە تۆ یان تۆ پشتبەستووی پێیان، کلیک لەسەر دوگمەی 'دووبارەکردنەوەی بەشەکە' بکە بۆ دروستکردنی بەشێکی نوێ بۆ هەر یەکێکیان.

| | |
|---|---|
| پەیوەندی لەگەڵ کەسەکەدا | ☐ منداڵ (گەورەساڵ)<br>☐ برا یان خوشک<br>☐ دایباب |
| **تکایە هەڵبژێرە:**<br>☐ ئەم کەسە پشت بە هاوکاری من دەبەستێت.<br>☐ من پشت بە هاوکاری ئەم کەسە دەبەستم. | |
| ناوی یەکەم | |
| نازناو | |
| ناوەکانی تری بەکارهێنراو | |
| تەمەن | |
| ڕەگەز | |
| ڕێکەوتی لەدایکبوون (ڕۆژ/مانگ/ساڵ) | |
| شوێنی لەدایک بوون | |
| جۆری پشتبەستن (دەکرێت چەند بژاردەیەک هەڵبژێردرێت) | هۆکاری ئەوەی ئەم کەسە پشت بە هاوکاری تۆ دەبەستێت یان بۆچی تۆ پشت بە هاوکاری ئەم کەسە دەبەستیت هەڵبژێرە:<br>☐ دووگیانی<br>☐ بەخێوکردنی منداڵێکی تازە لەدایکبوو<br>☐ بەدەست نەخۆشی دەروونی سەختەوە دەناڵێنێت<br>☐ بەدەست نەخۆشی جەستەیی سەختەوە دەناڵێنێت<br>☐ کەمئەندامییەکی توند<br>☐ ترۆمای دەروونی توند<br>☐ پیری<br>☐ هی تر (تکایە دیاریی بکە): |
| شوێنی هەنووکەیی لە وڵاتانی یەکێتی EU+ (وڵات، شار) | |
| دۆخی نیشتەجێبوونی کەسەکە لە وڵاتی EU+ | ☐ داواکار بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی<br>☐ سوودمەند لە پاراستنی نێودەوڵەتی<br>☐ نیشتەجێبوونی درێژخایەن<br>☐ دانیشتوو<br>☐ هاوڵاتی<br>☐ نادیارە |
| ڕێکەوتی دەرچوون لە وڵاتی ڕەسەن | |
| ڕەگەزنامە\ڕەگەزنامەکان | |
| ژمارەی کەسی / ژمارەی کەیس (ئەگەر ژمارەی ناسنامە لە وڵاتی EU+ بەردەست بێت) | |
| ناونیشان/شوێنی نیشتەجێبوون | |

| | |
|---|---|
| زانیاری پەیوەندی (ناونیشانی ئیمەیڵ، ئەکاونتی سۆشیال میدیا، ژمارەی تەلەفۆن) | |

**ئامادەیی بۆ یەکگرتنەوە**

دەتەوێت لەگەڵ ئەم کەسە یەکبگریتەوە؟

☐ بەڵێ، حەز دەکەم یەکبگرمەوە.

**لەم حاڵەتەدا، تۆ و ئەندامی خێزانەکەت پێویستە ڕەزامەندی فەرمی خۆتان بە نووسراو بدەن. ڕەزامەندی فەرمی بە فۆرمێکی جیاواز داوا دەکرێت.**

☐ نەخێر، نامەوێت یەکبگرمەوە.

ئەگەر ناتەوێت یەکبگرنەوە، دەتوانی هۆکارەکەی ڕوون بکەیتەوە. ئەم زانیاریانە بە نهێنی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت.

**زانیاری پەیوەندیدار لەسەر لاوازییە ئەگەرییەکان یان هۆکارە مرۆییەکان**

لێرەدا دەتوانیت ئاماژە بە هەر زانیارییەکی پەیوەندیدار بکەیت کە گرنگە دەسەڵات ئاگاداری بێت سەبارەت بە ئەندامی خێزانەکەت (هەر لاوازییەک، پێویستییەکی تایبەت یان هۆکارێکی مرۆیی).

**دوایین جار کەی و لە کوێ ئەم کەسەت بینی؟**

**ئایا کەسێکی تر هەیە کە ڕەنگە شوێنی ئەندامی خێزانەکەت بزانێت؟ ئەگەر وایە، تکایە زانیاری پەیوەندیکردنیان بدە. ئایا پەیوەندیت بەم کەسەوە کردووە؟**

**ئایا بۆ دۆزینەوەی ئەم کەسە، پەیوەندیت بە هیچ ڕێکخراوێکەوە کردووە؟ ئەگەر بەڵێ، تکایە وردەکاری زیاتر بخەرە ڕوو (ناوی ڕێکخراوەکە، دۆخی بەدواداچوون / دەرئەنجام).**

**باسی ئەو بەڵگەنامانە/بەڵگانە بکە کە لەبەردەستتدان کە پەیوەندییەکەتان دەسەلمێنن.**

بۆ نموونە: بڕوانامەی هاوسەرگیری، بڕوانامەی لەدایکبوون، کۆپیی بەڵگەنامەکانی ناسنامە، وێنەی ئەندامی خێزان، یان هی تر. داوات لێ دەکرێت ئەم بەڵگەنامانە یان ئەم بەڵگانە پێشکەش بکەیت.

**زانیارییە پەیوەندیدارەکانی تر**

دووبارەکردنەوەی بەشەکە

## بەشی 5. داری خێزانی (ئارەزوومەندانەیە)

دەتوانیت لەم بۆکسەی خوارەوەدا داری بنەماڵەکەت بکێشیت. دڵنیابە لەوەی کە ئاماژە بە ئەندامانی نزیکی خێزانەکەت دەکەیت. ئەندامانی نزیکی خێزانەکەت بریتین لە هاوسەرەکەت و منداڵەکەت یان منداڵەکانت، دایک و باوکت و خوشک و براکانت. ئەگەر دەکرێت، ئاماژە بەوە بکە کە ئەندامی خێزانەکەت لە ئێستادا لە کام وڵاتدا نیشتەجێیە. نموونەیەکی داری خێزانەکەت لەم وێنەیەی خوارەوەدا نیشاندراوە.




**زانیاری پەیوەست بە هەر ئەندامێکی خێزانی زیادە لەم بەشەدا دابنێ**